# چەمکە سەرەکییەکان

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب)
( ٢- ٢ )

## هۆکار و ئەنجام

لە ژیانی ڕۆژانەدا وا باوە، کە هەرچی ڕوویدات و بقەومێ هۆکاری هەیە و هیچ شتێک بەبێ هۆکار نابێ (دووکەڵ بێ ئاگر نابێ)، کەواتە ئەم باوەڕە (هۆکار و ئەنجام)، لە سۆنگەی ئایین و فەلسەفە و زانستدا چۆن لێک دەدرێتەوە؟! ئایا جێگیربوونی بنەمای هۆیەکی دەبێتە مایەی ئەوەی پێشبینی دواڕۆژ - ڕووداو و دیاردە و قەوماو- بکرێت؟ بابەتی تری باو هەر لە ژیاندا ئەوەیە: ئەگەر ڕابوردوو بە تەواوەتی بزانرێ و سەردەم کۆنترۆڵ بکرێت، دەکرێ و بگرە دەتوانرێ بزانرێ دواڕۆژ چۆن دەبێ!

- ئەرستۆ لە سەردەمی یۆنان (پێش زایین)، یەکەم کەسە کە لابەلایی ئاماژەی بە سروشتی پێوەندی هۆکار و ئەنجام داوە. مامۆستای یەکەم گوتوویەتی:

«ئەمە تاڕادەیەکی زۆر نە ناچارییە و نە ڕێتێچوونە، ئەگەر شتێک ڕووی دا و بقەومێ، دەبێ ئەوەی دیکەش ڕوویدات.» (ئەرستۆ: هونەری شیعر: ١٩٨٧، پ٨ بە ئەڵمانی)

من وای بۆ دەچم کە ئەو قسەیەی ئەرستۆتاڵیس هاندەری شۆڕشەکەی دێڤید هیوم بووبێ، کە لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدە، دەربارەی بنەمای هۆیەکی بەرپای کردووە.

- ئـەوەی لـە بابەتـی بنەمـای هۆیەکیـدا سـەرنج ڕادەکێشـی، هەڵوێسـتی ئایـین (غەزالـی) لەگـەڵ هەڵوێسـتی فەلسـەفەی هیـوم و تیـۆری زانسـتی کوانتەمـی ڤێرنـر هایزنبیرگـدا گونجـاوە و دێتـەوە، بەڵام هەرسێکیان لە سۆنگەی جیاواز و بۆ مەبەسـتی ڕەنـگ بـۆ ڕێـژراوی جیـاوە هەنگاویـان هەڵگرتـووە.

- بـۆ پاسـاودانی بوونـی موعجیـزەی ڕەبیانـی (ڕووداوی سەرووسروشـتی سـنووری ژێـر بەزێـن) ئەبـوو حامیـدی غەزالـی پشـت ئەسـتوور بـە ئایەتێکـی قورئـان پێـی لەسـەر ئـەوە داگرتـووە کـە پێوەندییەکـی ناچاریـی لەنێـوان هـۆکار و ئەنجامـدا نییـە، بـەڵام مـەرج نییـە ڕووداوێـک، هۆکارێـک ڕاسـتەوخۆ ڕووداوێـک، ئەنجامێکـی بـە دوادا بێـت، چونکـە بکـەری ڕاسـتەقینە خـوا خۆیەتـی، بـۆ نموونـە پیاوچاکێـک فـڕێ دراوەتـە نـاو ئاگر و نەسـووتاوە، چونکـە خـوا فرمانـی بـە ئاگر کـردووە کـە (کوونـی بـەردەن وەسـەلاما)، کەوابـوو پێوەنـدی ناچاریـی لەنێـوان هـۆکار (ئاگـر) و ئەنجـام (سـووتان)دا نییـە.

ئـەو هەڵوێسـتەی ئەبـوو حامیـد، هـەر چۆنێـک هەڵبسـەنگێنرێ، ناچێتـە خانـەی فەلسـەفە و زانسـتەوە، ئـەو خۆیشی تەنیا ئایەتێکی قورئانـی هێناوەتـەوە و ڕوونـی کردووەتـەوە، بـەڵام هیـچ ئارەقەیەکـی پێـوە نەڕشـتووە! تەنانـەت تاکـە گوڵێکـی (لـەو کایەیـەدا) نەخسـتووەتە سـەر خەرمانـی توێژینـەوە و بیرکردنـەوەی ڕێکوپێکـی ژیرەکـی و لۆجیکـی. پاسـاودان و ڕوونکردنەوە، هیچ جۆرە پرۆسـەیەکی بیـر و ژیـر و لۆجیک بەرجەسـتە ناکـەن!! ئـەم قسـەیە هیچ لـەو هەڵوێسـتە توندڕەوە سـەلەفییەی غەزالـی کاڵ ناکاتـەوە، کـە دوا تیـری کەوانەکـەی هاویشـتووە: دەرگای ئیجتیهـادی داخسـتووە، بەمـەش ویسـتوویەتی توێژینـەوەی زانسـتی لـە کاروبـاری ئاییـندا وشـکایی بێـت!! ئـەو هەوڵـەی ماوەیەکـی دوورودرێـژ سـەرکەوتنی بەدەسـت هێنـاوە. شـەوەزەنگێکی تاریکـی سـەخت، باڵـی بەسـەر کاروبـاری توێژینـەوەی بنەماکانـی شـەرع و فیقهـو بنەمـا بنەڕەتییەکانـی (ئسـوڵی) ئایینیـدا کێشـاوە. دوور نییـە لێـرەدا بگوتـرێ غەزالـی لـە دوا قۆناغـی ژیانیـدا بـە هەندێـک بڕیـار و بۆچوونـی خۆیـدا چووەتـەوە، بـە تایبەتـی لـە هـەردوو کتێبـی (منقـذ و کیمیـای سـەعادەت)دا، بـەڵام پـاش بـاران کەپەنـک؟!

- دێڤید هیوم یەکەم فەیلەسووفە کە لە ڕوانگەی فەلسـەفەوە بنەمـای هۆیەکـی تاووتـوو کـردووە، گەیشـتووەتە ئـەو ئەنجامـە کـە پێوەنـدی هۆیەکـی نـە ناچارییـە و نـە پێشـیانەیە، بەڵکـوو بۆچوونێکـە بەهـۆی ئەزمـوون و دووبارەبوونـەوە کەوتووەتـەوە. بۆچوونـی پێوەنـدی هۆیەکـی دەربـارەی پێوەنـدی نێـوان ڕووداو و دیاردەکان، لـە بۆچوونی تاقیکردنەوە و دووبارەبوونـەوەوە سـەرچاوەی گرتـووە کـە بریتییـە لـە پـەی بـردن بـەدوای یەکتریـدا هاتنـی دووبـارە و بـەردەوام دوو شـت کـە بـە یەکـەوە وەک هـۆکار و ئەنجـام دەردەکـەون، ئەو پەیبردنـەی دووبارەبوونەوەی بـەدوای یەکتریـدا هاتـن، دەبێتـە مایـەی ئـەوەی ژێـر - هـزر بیـکات بـە دابونەریتێکـی سـەلماو: ئەگـەر ئەمـە ڕووی دا، دوا ڕۆژیـش ئـەوە ڕوودەدات، تەنانـەت دووبارەبوونـەوەی بـەدوای یەکتریـدا هاتـن لەگـەڵ دابونەریتـی ڕەوشـی دەروونـی (سـایکۆلۆجی) بوونەتـە مایـەی ئـەوەی مرۆڤ لـە بیرۆکەیەکەوە بـەرەو یەکێکـی تـر بچـێ، بیرکردنـەوەی ژیرەکـی لـە توانایـیدا نییـە ئەنجـام لـە هـۆکاردا ببینـێ و بیدۆزێتـەوە (هیـوم: ٢٠٠٧، ل٥٢ بـە ئەڵمانـی).

ڕاسـتە شـتێک، یـان ڕووداوێـک بـەدوای یەکتریـدا دێـن، بـەڵام ئـەوەی پێشـتر نەبووەتـە هـۆی کەوتنـەوەی ئـەوی بەدوایـدا دێـت. مـرۆڤ دیویەتـی کـە ڕۆژ لـە ڕۆژهـەڵات، شـت گـەرم دەبـێ، بـەڵام

دۆخەکـە و ڕەوشــەکە بەهــۆی دووبارەبوونــەوە وێنا کـراوەوە ئـەو بۆچوونـەی لـە مێشـکدا جێگیـر کـردووە، گوایە هـۆکار ئەنجامـی لـێ دەکەوێتـەوە، بـەڵام ئـەو بـاوەڕ و بۆچوونـە هیـچ بنەمایەکـی ناچـاری نییـە، بەڵکـوو بەهـۆی دووبارەبوونـەوەوە پەیـدا بـووە، ئیتـر بـەو پێیـە پێوەنـدی نێـوان دیـاردەکان، بنەمـا و سروشـتێکی هـزری هەیـە و بـە سـایەی دووبارەبوونـەوەی ئەزمـوون و تاقیکردنـەوە دابونەریتێـک پەیدابـووە و بووەتـە مایـەی ئـەوەی ناچاریـی خـودی کـە لـە مێشـکی مرۆڤدایـە، بگـۆڕێ بـە ناچاریـی بابەتـی، ئەوەیـە مەبەسـتی هیـوم کـە گوتوویەتـی: ناچاریـی لـە سروشـتدا نییـە، بەڵکـوو بابەتێکـە تەنیـا هـەر لـە مێشـک و بیـری مرۆڤـدا هەیـە. هـۆکار و ئەنجـام لـە یەکتـری جیـاوازن.

لـە چەمـک و بیرۆکـەی هـۆکار نـە بـە پێناسـە و نـە بەشـیکردنەوە و تاووتووکـردن بیرۆکـەی ئەنجامـی لـێ دەکەوێتـەوە، کەواتە ئـەو پێوەندییەی نێوانیـان بنەمـای لۆجیکـی نییـە. هەندێـک جـار دیاردەیـەک (هـۆکار) دووبارە دەبێتـەوە و شـتێکی تـر بەدوایدا دێ، ئیتـر دەرکەوتنی یەکـەم وا دەکات بیـر لـە دەرکەوتنـی ئـەوی دیکـەش بکرێتـەوە، پێوەنـدی هۆیەکـی بـەو پێیـە بریتییـە لـە پێوەنـدی لـە یەکتـری نزیـک بـوون و لـە یەکتری چـوون، ئـەو جـۆرە پێوەندییـە لـە خۆیـدا دابونەریتێکـی هزرییـە و وا ڕاهاتـووە کـە ناتوانـێ بوونـی دووەمیـان بەبـێ یەکەمیـان وێنـا بـکات.

- لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا، دوو شـۆڕش لـە کایـەی زانسـتیدا، بـە تایبەتـی لـە ئەڵمانیـا لـە لایـەن زانـا ئاینشـتاین تیـۆری ڕێژەیـی بـە هـەردوو ڕەهەنـدی تایبەتـی و گشـتی، ڤێرنێـر هایزنبێـرگ تیـۆری کوانتـەم ڕاگەیەنـراوە. تیـۆری کوانتـەم پتـر بـەلای پێوەنـدی هۆیەکیـدا دەچـێ، بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان ڕایگەیانـدووە، کـە بنەمـای ناچاریـی (حەتمیـەت – دیترمەنیـزم) و پێوەنـدی هۆیەکـی بنەمـای زانسـتیان نییـە.

- دوای بڵاوبوونـەوە و جێگیربوونـی تیـۆری کوانتـەم (فیزیک)

- کـە تاڕادەیـەک ڕەهەندێکـی فەلسـەفەشـی هەیە

- دوو بۆچـوون کـە پتـر شـێوازی بڕیاریـان هەیـە و لـە ئەنجامـی توێژینـەوەی زانسـتی کەوتوونەتـەوە، پشتڕاسـت کراونەتەوە:

**یـەک:** بـێ بنەمایـی بنەمـای هۆیەکـی (هـۆکار و ئەنجـام) سـاغ بووەتـەوە.

**دوو:** بنەمـای هۆیەکـی هیچیتـر کـارا نییـە و بـڕ نـاکات و کاری پـێ ناکـرێ. وشـەی کوانتـەم لاتینییـە، واتـای (چەنـد) دەبەخشـێ، بـەو شـێوازەی کـە لـەش وزە دەسـتگیر دەکات و دەیداتـەوە، بـەڵام نـەک بـە شـێوەیەکی بـەردەوام، وەک تەوژمێکـی نەپسـاوە، بەڵکـوو بـە شـێوەی کـۆ (کوانتـەم)، چەندێتـی شـەپۆل ئاسـای پچـڕ پچـڕ و پسـاوەیە، ئـەو کوانتەمـە، (کـۆ) یەکەیەکی سـەرەتایی تیشـک و وزەیـە. (ماکـس پلانـک:- ١٩٧٠، ل١٥ بـە ئەڵمانـی).

سـاڵی (١٩٢٧ز) پرۆفیسـۆر هایزنبێـرگ (١٩٠١ - ١٩٧٦ز) لـە توێژینەوەیەکـدا بـە ناونیشـانی (دەربـارەی ناوەرۆکـی تیـۆری کوانتـەم) ڕوونـی کردووەتـەوە کـە بـە سـایەی بەرەوپێشـچوونی زانسـت لـە گۆڕەپانـی فیزیکـی ئەتۆمـدا، گۆڕانـی سـەرتاپاگیر بەسـەر بابەتـی ئاسـایی لـە ئارادابوودا هاتـووە، بـەو پێیـە و پشـت بـە توێژینـەوەی زانسـتی، ناکـرێ لـە یـەک کاتـدا بـە وردی جێگـە (ناوەنـد، مەڵبەنـد) و خێرایـی ئەلیکتـرۆن دەستنیشـان بکرێـن. ئەگـەر خێراییەکـەی دیاری بکـرێ، جێگەکـەی تێـک دەچێـت، هەروەهـا ئەگـەر جێگەکـەی ئەلیکتـرۆن دیـاری کـرا خێراییەکـەی

دەشێوێ، ئیتر بڕوا بوون بە کێشەی: بەبێ کاریگەریی سەرنجدەر (توێژەری زانست) ڕەوتی ڕووداوە فیزیکییەکان لە کات و جێگەدا لاواز و لەق بووە، هیچیتر لە تواناییدا نەماوە هاندەر (هۆکار)ی ورووژێنەر و جێگەی ئەلیکترۆنەکان دیاری بکرێت:

بۆ ئەوەی جێگەی ئەلیکترۆن دیاری بکرێت، دەبێ تیشکی بخرێتە سەر، ئەو تیشکە وا لە ئەلیکترۆنەکە دەکات، ورووژێنەرەکەی گۆڕانی بەسەردابێت، ئیتر بەو پێیە بە سایەی میکانیکی کوانتەمەوە بڕ نەکردن و ناکاریی بنەمای هۆیەکی ناتەواوی ساغ و پشتڕاست کراوەتەوە. (هایزنبێرگ: ١٩٢٧، ل١٧٢ بە ئەڵمانی). ئەگەر فۆرمۆلەی بنەمای هۆیەکی لەبەرچاو بگیرێ: ئەگەر مرۆڤ کۆنترۆڵی ئێستا بکات و بیزانێ دەتوانێ دواڕۆژ دیار و دەستنیشان بکات، وەڵامەکە و گریمانەکە هەڵەیە. هیچ توێژەرێک ناتوانی سروشت و پێکهاتەی ئێستا (سەردەم) بە گشت وردەکارییەکانییەوە لە بنەڕەتدا بزانێ و پەیان پێ بەرێت، کەوابوو قانوونی هۆیەکی لە پشت جیهانی هەست پێکراو، کە جیهانی ڕاستەقینەیە بڕ ناکات. ئەوی لێرەدا بەبیردا دێ، هایزنبێرگ باسی جیهانێکی کردووە، جیهانی فەلسەفە و زانستە و جیهانی ڕامان و وردبوونەوە و ئەتۆمە! کەرەستەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیە، لە چاو جیهانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی ئاساییەوە کە بە هەستەکان پەی بە بوونی دەبات و وردەکارییەکانی دەزانێ، ئاسمان و زەوی جیاوازن. یەکەمیان بە مەبەستی توێژینەوە ڕۆنراوە و ئەوی دیکە ڕاستەقینەیە.

## جیهاندید و وێنەی جیهان

ئەو دوو چەمکە بە ڕوون و ئاشکرایی فەلسەفە و زانست لە یەکتری جیادەکاتەوە، ئیتر چ لە میتۆتددا، یان لە چەمک و بابەت و کەرەستەی توێژینەوە بێ.

وێنەی جیهان، نەزم و سیستمێکە (وەک تابلۆیەکی بەرزی هونەری) زانستە سروشتییەکان دەربارەی هەڵکەوتی لە ئارادابووی دەوروبەر دەیکێشێ و ڕەنگی دەڕێژێ. ئەو نەزمە پاوان و کەرەستەی تایبەتی خۆی هەیە کاری لەسەر دەکات، کە لە چەند چەمک و سیمبۆل و تیۆرییەک پێکهاتووە، بەڵام بە تەواوەتی ئەو نەزم و چەمکانە لە هەڵکەوتی دەوروبەری ڕاستەقینەدا جیاوازن. جیهانی زانستەکان، جیهانێکی تایبەتی توێژینەوەی زانستەکانە و لە جیاتی شمەکی ئاسایی دەوروبەر لە دەربڕین و فۆرمۆلەکردندا چەمک و هاوکێشەی وشک و بێ گیانی بیرکاری پشتیان پێ دەبەسترێ.

سەرتاپاگیرترین وێنەی جیهان لەو سەردەمەدا وێنەی جیهانی زانستە ئەزموونییەکانە کە لەلایەن پرۆسەی زانینی سروشتی (فیزیکی) تیۆری، تیۆری ڕێژەیی و تیۆری کوانتەم ڕەنگی ڕێژراوە و دیار و دەستنیشان کراوە، تیۆری ڕێژەیی پێی لەسەر دوو خاڵ دادەگرێ:

**یەک:** جێگیریی بزووتنەوەی بڵاوبوونەوەی تیشک لە یەک چرکەدا (٣٠٠,٠٠٠ک).

**دوو:** ڕێژەیی کات و جێگە. شتێک نییە ناوی جێگە بێت، یان وەک دەفرێک بێت شتی تێدابێ، ئەوەی هەیە کشان و درێژبوونەوەی شمەکی جێگەییە!

- جیهاندید، بابەتی فەلسەفەیە، ئەو تابلۆ ڕەنگینە هەمەڕەنگییە هزرییە - ژیرییەیە، کە خامە ڕەنگینەکەی فەیلەسووف دەربارەی ژیان و گەردوون (دەوروبەر) کێشاویەتی و ڕەنگی ڕشتووە و تێیدا نەزم- سیستمێکی سەرتاپاگیری ڕۆناوە، وەڵامی ئەو پرسیارانەی ژیانی داوەتەوە کە لە

هۆشیاریی مرۆڤدا بەرجەستە بوون، لەلایەکی دیکەوە، ئەو نەزمەی فەلسەفە، دەکرێ بە پردی نێوان هەردوو جیهانی هەمەڕەنگی فەلسەفە و زانست دابنرێ، ئەوجا سوود بە توێژینەوەی زانستی وێنەی جیهان دەبەخشێ، ئەو ڕۆڵ و خەسڵەتە پێوەندی دەستیاوی بەرانبەریانەی زانست لەگەڵ فەلسەفە دەستنیشان دەکات. یەکێکیان وێنەی جیهان ڕەنگ دەڕێژێ و هاوردەی دەکات. ئەوی دیکەیان بە سوودوەرگرتن لە وێنە هاوردەکانی زانستەکانی دیکە، وەک کەرەستە، جیهاندیدەکەی لێوە دەنەخشێنێ و ڕۆی دەنێ، بەو پێیە:

«ئەنجامە بە دەست هاتووەکانی زانست، ئەو بابەت و کەرەستەیە کە فەلسەفە نەزم و سیستەمەکەی لێوە بنیاد دەنێ» (شلیک ١٩٣٤، ل٥ بە ئەڵمانی). ئەگەرچی ئەم قسەیە تاکڕەهەندییەکی فەلسەفە و فەیلەسووف نیشان دەدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەستی خستووەتە سەر لایەنێکی گرینگ، ئەویش پێوەندی چالاکی هەردوو بابەت لەگەڵ یەکتریدایە: فەلسەفە و زانست.

- ئەگەر هەڵوێستی چەند زانایەکی سەردەم دەربارەی چارەنووسی فەلسەفە پشتگوێ بخرێت، ئەو ڕاستییە سەرئاودەکەوێ کە ڕاستە فەلسەفە و زانست دوو بابەتی سەربەخۆ و لە یەکتری جیاوازن، چ لە میتۆدەی توێژینەوە، یان لەو بابەتەی دەیکەن لە چالاکیدا بە کەرەستەی توێژینەوە، ئەوە دەکرێ پێ لەسەر ئەوە دابگیرێ کە زانست خۆی میتودەیەکی کلۆمی ڕێکوپێکی لە تێبینیکردنی ورد و گریمانەی ژیرەکیی و ئەوجا ئەزموونی (تەجرەبەی) پراکتیزەکردن هەیە، گەیشتنە ئەنجام. لەو کایەیەدا پەنا دەباتە بەر زمانی بیرکاری و (هاوکێشەکانی)، بۆ دەربڕینی ئەو قانوون و بنەمایانەی وەک ئەنجام پێیان گەیشتووە.

بۆ ئەو مەبەستەش ناکردنی دەستبەرداری پرسیارکردن بێ لە بارەی هۆکاری دیاردەکان کە لە سروشتدا سەرئاو دەکەون! ئەمەش دەرگای چوونە نێو جیهانی تیۆری زانین دەخاتە سەر پشت، ئەو لقەش بابەتێکی سەرەکی فەلسەفەیە، بێجگە لەوەی فەلسەفە خۆیشی بە پرسیارکردن دەست پێ دەکات و پرسیارەکە بە شێوازێکی کێشە ئامێز فۆرمۆلە دەکات بۆ ئەوەی بازووی چالاکی وەڵامدانەوە و یەکلایی کردنەوەی لێ هەڵدەماڵێ.

- گومان لەوەدا نییە کە سروشت لە خۆیدا زنجیرەیەکی ئاڵقە ئاڵۆزی ڕووداو و دەرکەوتەکانە کە کار لە یەکتری دەکەن و توندوتۆڵ وەک دیاردە بە یەکەوە بەندن، بۆیە زانست- ئەمەش هۆکاری پێشکەوتنیەتی- پەردە لادان و دەرخستنی ئەو هۆکارانەی کار لە دیاردەکان دەکەن، بکات بە ئامانج بۆ ئەوەی بتوانێ کۆنترۆڵیان بکات و بە جۆرێک وەبەریان بهێنێ کە خرمەتی ژیان و کۆمەڵ بکات (فؤاد زكريا: ١٩٧٨، ل٤٢).

- زانینی هۆکاری دەرکەوتنی دیاردە و ڕووداو لە خۆیدا یەکەم هەنگاوی توێژینەوەی زانستی تیۆرییانەیە، چونکە ئەو زانینە دەبێتە مایەی ئەوەی باشتر لە شێوازی شارەزایی و پراکتیک و تێبینیکردن، ئەنجامی کردەکی زانستییانە بە دەست بهێنرێن، جگە لەوەش پرسی زانینی هۆکار دەکرێ بە یەکەم قۆناغ، بگرە گرینگترین قۆناغی زانین هەژمار بکرێت. فەلسەفە لە خۆیدا کۆشش و چالاکییەکی هۆشیاری ژیرەکییە، هەڵوێستی ڕەخنەکارانەی لە بارەی بابەتی (بوون)ـەوە هەیە، ئەو میتۆدەش کە دەیگرێتەبەر و پەیڕەوی دەکات، پرسیارکردنە بۆ تاووتووکردنی کەرەستەی توێژینەوە بە گشت پێکهاتە و ڕەنگ و ڕەهەندەکانییەوە. لەپێناوی داواکاری و مەبەستێکی مرۆڤ کە زانینی

واتـای ژیـن و بوونـە. زانسـتیش لـەلای خۆیـەوە کـە لـەم سـەردەمەدا کۆنترۆڵـی گشـت شـتێکی کـردووە، دووچـاری کێشـەی ئەوتـۆ دەبـێ کـە بـە میتـۆدە زانستییەکە یەکلایی ناکرێتـەوە، بۆیە جارێکی دیکە لـە کەلـی شـەیتان دێتـە خـوارێ و ناچـارە دەسـتی هـاوکاری بۆ فەلسـەفە و فەیلەسووفان درێژ بکاتەوە. هـاوکاری و تەبایـی نێـوان فەلسـەفە و زانسـت و پێکـەوە هاتنـەوەی فەیلەسووف و زانا پێویستییەکی کولتـووری و کۆمەڵایەتـی و شارسـتانییە، چەنـدە شارسـتانیەت- پشـت ئەسـتوور بـە پێشـکەوتن و گەشـەکردن، لـە ئاسـت خواسـتەکانی مرۆڤـدا بـێ، ئەوەنـدە پێداویسـتی چالاکیـی ناوکۆیـی زانسـت و فەلسـەفە، زانـا و فەیلەسـووف گەرموگوڕتـر دەبـێ، چونکـە پایەکانی باڵەخانـەی کولتـوور لـە پێشـەوە زانسـت و فەلسـەفەن.

## ئەگەر و گومان

ئەگەرچـی (ئەگـەر، گومـان) هەندێـک جـار لـە خانـەی سـایکۆلۆجی (دەروونزانیـدا) پۆلێـن بکرێت، لـە فەلسـەفەدا بـە پشـکێک لـە میتـۆدەی گەیشـتنە ڕاسـتی و ڕاسـتەقینە دادەنـرێ و دەکـرێ بـە دوو جـۆری لـە یەکتـری جیـاوازەوە:

**یەک:** گومانی میتۆدەیی.

**دوو:** گومانی ڕەها.

هەر لە سـەرەتای خەتوخاڵدانی شارسـتانیەتەوە، ژیـان لـە خۆیـدا بـووە بـە کێشـەیەکی گرێکوێـرە ئاسـا و مەتەلێـک، کردنـەوە و هەڵهێنانی وا ئاسـان نییـە، ئـەم ڕەوشـە پێویسـتی بـە ئامرازێکـی یەکلاییکـەرەوە هەبـووە، لێـرەوە پرۆسـەی زانیـن دەرکەوتـووە. لـە چوارچێـوەی ئـەو پرۆسـەیەدا هـەردووک جـۆری گومـان سـەرئاوکەوتوون.

لاری لـەوە نییـە کـە جیـاوازی بـاوەڕ و بـڕوا، ئـاکار، ئایدیۆلۆجـی، دابونەریت و زمـان بیانـوون بـۆ گومـان کـردن، بۆیـە گومانکار (لە فەلسـەفەدا) ئـەو کەسـەیە کـە بـێ ئومێـد و دەسـتخەڕۆیە، بـڕوای بـە هـەق و ڕاسـتی و چاکـەکاری نەمـاوە، گۆشـەگیر بـووە، بڕیـار نـادات نـە دەڵـێ ئـا، نـە دەڵـێ نـا! بەڵکـوو دەڵـێ: نازانـم! دەکـرێ ئـەو گومانـە ئـاکاری بێـت، یـان لۆجیکـی.

گورگیاسـی سۆفسـتایی (٤٨٣ - ٣٧٥ پ. ن) دەکـرێ لـە فەلسـەفەی قۆناغـی پێـش سـوکرات دا بـە جـۆرە گومانکارێـک دابنـرێ. لـە کتێبەکەیـدا بـە نـاوی «نابـوون» کـە چەنـد بڕگەیەکـی لـێ مـاوە، سـێ تێـزەی وەک گریمانـە تۆمـار کـردووە بابەتـی زانیـن دەخاتـە نێـو کەوانـەی گومانـەوە:

**یەک:** هیچ شتێک بوونی نییە.

**دوو:** ئەگـەر شـتێک بوونـی هەبـێ، ناکـرێ پـەی پـێ ببـرێ و بزانـرێ!

**سێ:** خـۆ ئەگـەر بشـزانرێ، ناکـرێ بە کەسـێکی دیکـە بگەیەنرێ.

(پ. د. ڤیلهێلـم کـە پێلـێ: ١٩٧١، ل١٥٩، بـە ئەڵمانـی)

ئـەو بۆچوونـەی گورگیـاس بـە هیـچ بنەمایـەک پشتڕاسـت ناکرێتەوە. جارێ لەپێش هەموو شـتێکدا (بـوون) خەسـڵەتێک نییـە بـە ئـارەزوو بڕیـار بـدرێ بـە بوونەوەرێـک، یـان لێـی بسـتێنرێتەوە، چونکـە بـوون لـە خۆیدا گەوهـەرە و ڕووکـەش نییـە، شـت، بـوون هەیـە کـە دەگوتـرێ بـوون نییـە، یـان کـە دەگوتـرێ هیـچ شـتێک بوونـی نییـە، ڕسـتەکە لـە خۆیـدا ناکۆکـە و نادروسـتی خـۆی سـاغ دەکاتـەوە، چونکـە «نابوون» تەنیـا هـەر لـە زمانـدا بـە وشـە بوونەکـە ناکـراوە. بـوون بـە وشـەیەکی زمـان و بڕیاردانێـک ناسـڕدرێتەوە. ئـەو ناکردنـەی بـوون هیـچ کـە ڕەوشـی هەبوونـی بـوون ناگـۆڕێ.

- پیـرۆن ٣٦٥- ٢٧٥ پ.ن) بـە ڕابـەری گومانـی ڕەهـا دادەنـرێ کـە ڕێبـازی (نازانـم)ی داهێنـاوە

و باوەڕی بە هیچ جۆرێک بە زانین و زانست و بنەماکانی ئاکار و دڵنیایی لەشت (یەقین) نەبووە. لە وەڵامی پرسیاردا ئیتر دەربارەی هەر شتێک بووبێ، لەوە بەولاوە نەیگوتووە: نازانم، یان وای گوتووە، واپێدەچێ، وا بۆم دەردەکەوێ.

لە پرۆسەی زانیندا، کە پشکی شێری بەرکەوتووە، وای بۆ چووە هەموو کێشە و بابەتێک دوو ڕەهەندی هەیە، دەکرێ (ئا) و (نا) (پۆزەتیف- نێگەتیڤ) بکرێ و ئەو دوو ڕەهەندە لەبەر یەکتریدا وەستاون و بۆ خۆسەپاندن هەمان هێز و توانایییان هەیە. دانایی لەوەدایە مرۆڤ هیچ بڕیارێک بە ئارێ- نارێ نەدات و لە قسەکردندا لەگەڵ کەسانی دیکە خودداری بکات و دوورەپەرێز بوەستێ. سەرچاوەکان وا باس دەکەن کە پیرۆن گومانی لە ڕاستی قسەکەی سوقرات کردووە کە گوتوویەتی: یەک شت دەزانم ئەویش ئەوەیە کە هیچ نازانم. گوایە پیرۆن وتوویەتی من دڵنیا نیم کە ئەوەش بزانم کە هیچ نازانم.

گومانی ڕەها لە خۆیدا ئامانجە و هیچ مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراوی نییە، هیچ ئەنجامی لێ ناکەوێتەوە، ئەوی لێی دەکەوێتەوە دڵ کرمێ بوونە و بڕوا نەمانە بە هیچ شتێک.

- بە پێچەوانەوە گومانی میتۆدەیی ڕێگەیەکە توێژەر، هزرمەند، فەیلەسووف دەیگرێتەبەر بۆ دوورکەوتنەوە لە کولتووری بۆماوە هاوردەی گومان هەڵگری هەستەکان و بڕیار نەدانی خێرا و سەرپێی و گەیشتنە ئەنجامێک کە هیچ ئەگەرێک هەڵنەگرێ و دڵ ئاو بخواتەوە. دیکارت و هیوم دوو ڕابەری ئەو جۆرە گومانە میتۆدەییەن.

دیکارت گوتوویەتی:

«وردبوونەوەکەی دوێنێ خستمییە نێو دەریای گومانێکی ئەوتۆ کە لە تواناییمدا نەما لەبیر خۆمی بەرمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نازانم چۆن چارەسەری بکەم، وەک لە ناکاو کەوتبمە نێو ئاوێکی قووڵ، سەرم لێ شێواوە، نە دەتوانم قاچم لە بنیدا جێگیر بکەم، نە دەتوانم بە مەلە خۆم سەرئاو بخەم. لەگەڵ ئەمەشدا کۆشش دەکەم لەسەر ئەو ڕێگەیەی دوێنێ گرتمەبەر، بەردەوام بم، بە تایبەتی گشت ئەو شتانە لە خۆم بە دوور بگرم کە لەوانەیە تۆزە گومانێکیان لێ بکرێ...... دەمەوێ بەو ڕێگەیەدا بەرەوپێش بچم تا دەگەمە شتێکی دڵنیایی لێکراو...»

(دیکارت: ١٩٥٤، ل٢٠ پ١٧ بە ئەڵمانی)

گومانەکەی دیکارت لە وردبوونەوەکەیەوە کەوتووەتەوە، بەڵام گشت سنوورێکی نەبەزاندووە، بەڵکوو بووەتە مایەی ئەوەی ڕەوش و دۆخێکی دیکە بێتە کایەوە کە خەسڵەتەکانی بەو شێوەیەن:

**یەک**: خۆ بە دوور گرتن لە گشت ئەو بیروبۆچوونانە ئەگەر ڕێی تێبچێ تۆزە گومانێکیان لێ بکرێ.

**دوو**: گومانەکە لە خۆیدا ئامانجەکی و میتۆدەییە و هیچ بێ ئومێدی و دڵ کرمێ بوونێکی بەدوادا نەهاتووە.

ئەمەش لە خۆیدا دەکرێ بە هەنگاوێکی گرینگی سەر ڕێگەی توێژینەوە و زانینی زانستییانە دابنرێت، چونکە ئامانج و مەبەستەکە گەیشتنە ڕاستی و ڕاستەقینەیە.

- دیڤید هیوم (١٧١١ — ١٧٧٦ز) لە پرۆسەی بیرکردنەوەیدا پەنای بۆ گومانی میتۆدەیی بردووە، بە تایبەتی گومانی لە هەبوونی بیرۆکەی زگماک و پێوەندی ناچاریی نێوان هۆکار و ئەنجام و میتۆدەی بەدواداچوون (ئیستقرا) کردووە. لەلایەکی ترەوە لەو باوەڕەدا بووە کە ئەزموون و تاقیکردنەوە (تەجرەبە) سەرچاوەی زانینی مرۆڤن.

لەو هەڵوێستەدا هیوم توانیویەتی ئەو دابونەریتە

ئەزموونییە ئینگلیزییەی فەلسەفە جێگیر بکات، کە لۆک پێشتر هەوڵی بۆ دابوو.

## ڕێتێچوون و ناچاریی

ئەم دوو چەمکە هەر لەگەڵ دەرکەوتنیانەوە کێشە و بگرەوبەردەمان لەسەرە، بە تایبەتی لەنێوان سیاسەت (ئیدیۆلۆجی) و فەلسەفە و زانست، ئیتر هەوڵەکان بە دوو ئاراستەدا دراون:

**یەک:** پشتگیری و جێگیرکردنی یەکێکیان.

**دوو:** پووچەڵکردنەوەی یەکێکیان و جێگیرکردنی ئەوی تریان، بەڵام جۆری لێکدانەوە و پێناسەکردنی ئەو دوو چەمکە لەلای ئایین بە جۆرێکە جیایە، تاڕادەیەک لەگەڵ تێگەیشتنی فەیلەسووف لەو دوو چەمکە. زانست لەلای خۆیەوە بە لایەکی دیکەدا ڕایدەکێشێ، ئەگەرچی تاڕادەیەک لەگەڵ لێکدانەوەی فەلسەفەدا بە جۆرێک لە جۆرەکان بێتەوە.

ڕێتێچوون بە واتا فەلسەفەیی میتافیزیکییەکەی بڕیارێکە دەستەواژەی دەربڕینەکەی ئەو جۆرە، دەکرێ ڕاست بێ و ناڕاستیش بێ، بەو واتایەی بڕیار لەو ڕەوشەدا دوو دۆخی دەبێ کە ناکۆکیش بن، بەڵام شیاوەکین، ئەمەش پەیوەستە بەو هەلومەرجەی بڕیارەکەی تێدا دەدرێ، دوور نییە ببرێتە سەر، لەوانەشە بە پێچەوانەوە بێ. لەو کایەیەدا دوور نییە ئەو هۆکارانە ببنە مایەی جێبەجێکردنەکەو بەهێزتر بن، وەک هاندەر، لەوانەی بەربەستی جێبەجێکردنەکەن.

ڕێکەوت (سودفە) لەو گۆڕەپانەدا ڕۆڵ دەگێڕێ. دوور نییە شتێک ڕووبدات، بەڵام هیچ جۆرە ناچارییەک لەو ڕووداونەدا نییە و دەکرا ڕوونەدات، کەواتە ڕێتێچوون بڕیار، یان ڕووداو، یان هەر شتێکی تر بێ، دوو ڕەهەندی هەیە: دەکرێ و ناکرێ، لەوانەیە بێ و لەوانەشە نەبێ. هەردوو ڕێتێچوونەکە شیاو و گونجاون.

ئیتر ڕێتێچوون لە بۆچوونی ڕێککەوتەوە کەوتووەتەوە و بە پێچەوانەی ناچارییەوەیە، ئیتر دەستەواژەی دەربڕین کە خەسڵەتی ڕێتێچوونی هەبێ، ئەوە دەگەیەنێ کە چی دەربڕیوە پێچەوانەکەشی شیاوەکییە، کەوابوو ئەو جۆرە دەستەواژەیە جێگەی دڵنیاییکردن نییە، ئەم ڕەوشە لە ئەنجامەکانی زانستدا ئاشکراتر دەردەکەوێ. تیۆریی، ئەنجامی توێژینەوەیەکی هەمیشە سروشتی ڕێتێچوونی هەیە، بەو واتایە کە ئەنجامەکە ڕاستە تا دیاردەیەک، ڕەوشێک دەردەکەوێ و ئەنجامەکە هەڵدەوەشێنێتەوە ئەوکاتە چاو بە قانوون، ئەنجامە زانستییەکەدا دەخشێنرێتەوە لە دەستنیشانکردنی ڕەوشی ڕێتێچووندا، ئیتر بابەتەکە لە کایە و پاوانی فەلسەفەدا، یان هی زانست بێ، دووبارەبوونەوە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ و پتر سروشتی ڕێتێچوونەکە جێگیر دەکات.

– دەربارەی چەمکی ناچاریی لە فەلسەفەدا بەو جۆرە فۆرمۆلەکراوە: ئەگەر مرۆڤ بە تەواوەتی لە ڕابوردوو تێ بگات و بیزانێ و لە سەردەمیش شارەزابێ، دەتوانێ پێشبینی دوارۆژ بکات، بەڵام لە سیاسەتدا بەو جۆرە ئەو چەمکە ڕوون دەکرێتەوە:

ئەوەی لە ڕابوردوودا ڕووی داوە و ئەوەی لەو سەردەمەدا (ئێستا) دەردەکەوێ و لە دوارۆژیشدا ڕوودەدات، پرۆسەیەکی نەپساوەی وەک زنجیرێک ئەڵقەکانی توندوتۆڵ بە یەکەوە بەستراون، پابەندی چەند قانوون و بنەمایەکی نەدەکرا ڕوو نەدەن و دەرنەکەون، یان بەجۆر و شێوەیەکی دیکە دەرکەوتبانایە، بەو پێیە هەموو ڕووداوێک لە سروشت، لە کۆمەڵگەدا پابەند و ملکەچی قانوونن و لێی لانادەن، بەو پێیە بنەمای هۆیەکی

و نەزم و قانوون کۆنترۆڵی هەموو ڕووداوێک لە ئێستا و لە دوا ڕۆژیشدا دەکەن. لێرەدا زانست لە فەلسەفە و سیاسەت نزیک دەبێتەوە، پشت ئەستوور بە میتۆدەی زانستی توێژینەوە و هاوکێشەکانی بیرکاری دەکرێ لەسەر بنەمای ڕابوردوو و ئێستا، دواڕۆژیش پێشبینی و دیار و دەستنیشان بکرێ، ئیتر بە پێی ئەو بنەمایە ناچارییە لە زانستدا دەبێ دیاردەکان بەهەمان شێواز و نەزمی ڕابوردوو و سەردەم لە ئاییندەشدا سەرئاو بکەون، چونکە کاریگەریی و بایەخی بنەما و قانوونە زانستییەکان لەوەوە هاتوون کە ناچاریی نەزم و ڕێکوپێکی و سیستمی دیاردەکان پشتڕاست دەکەنەوە، تەنانەت لە فەلسەفەشدا بە وردبوونەوە و شیکردنەوەکان سروشتی ڕاستی و ڕاستەقینەیان پێ دەبڕێ تا چەند پێشبینی دواڕۆژ دەکەن، ئیتر دیاردە و ڕووداوەکان بە شێواز و ڕێگەیەکی جێگیر بەدوای یەکتریدا دێن و یەکتری تەواو دەکەن.

- ڕووداو و دیاردەکان هۆکاریان هەیە و قەومانەکەیانی کردووە بە ناچاریی. ئەو هۆکارە لە قانوون بەولاوە نییە کە ڕووداو و دیاردەکان ئاڕاستە دەکات، یان چۆنێتی ڕوودان و دەرکەوتن و قەومانیان دیار و دەستنیشان دەکات. (جون کیمنی: ١٩٦٥، ل٢٧٢)

- هەر چۆنێک ئەو بابەتە لێک بدرێتەوە، کێشەی پێشبینیکردن و بنەمای ناچاریی ئەوە پشتڕاست ناکاتەوە کە گەردوون پابەندی بنەمای ناچارییە، ئەو بابەتە کە لە خۆیدا کێشەیەکی ئایینی (چارەنووسی مرۆڤ) و فەلسەفە و زانستە، توندوتۆڵ بە توانایی مرۆڤی ئایینی و فەیلەسووف و زاناوە بەندە، تا چەند دەتوانن لە مرۆڤ و ژیان و گەردوون ڕاستودروست تێ بگەن و هەڵیبسەنگێنن؟ ڕاستە چەندێتی و ڕادەی پێشبینی کردنی دواڕۆژ بەو ئامرازانەی تەکنۆلۆجی و زانست دابینی کردوون، لە گشت قۆناغەکانی ئەو پەی پێ بردن و تێگەیشتنەدا کێشەیەکی ئاڵوزی زانستە، بەڵام ئەو بۆچوونە ڕۆڵی فەیلەسووف کاڵ ناکاتەوە، لەو بابەتە و سنوور و سروشتی ورد بێتەوە و بزانێ، ئەوجا بڕیار بدات لە کام کایە و پاواندا و بە چ بارێکدا سوود و قازانجی مرۆڤی تێدایە و هاندەر و دەستەبەری یەکلاییکردنەوەی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی ژیان و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆڤ دەبێ، ناچاریی بیرۆکە و بۆچوونە لە مێشک و بیردایە، نەک لە سروشتدا!

## ترانسندێنت و ترانسندێنتال

ئەگەرچی ئەم دوو وشە لاتینییە بۆ یەکەم جار لە لاهووت و فەلسەفەی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاستدا بەکار هاتوون، وشەی یەکەمیان لە لاهووتدا ئاماژەی بەوە داوە کە ڕەبی عیسا بە پلەوپایە لەسەروو داهێنراوەکانیەوەیە و لێیانەوە جیایە. وشەی دووەمیش چەندان چەمکی گرتووەتەوە کە لە سەروو چەمک (کاتیگۆری) ئەرستۆوەن و بۆ گشت بوونەوەران دەگونجێن (یوسف کرم: ١٩٨٦، ل٢٢٠)

کانت بە تەواوەتی ئەو دوو چەمکەی بۆ مەبەستی تر و ئاماژەدان بە بابەتی دیکە بەکار هێناوە، بە تایبەتی لە هەردوو پاوانی ئۆنتۆلۆجی (بوونی گشتی- هەمەکی) و پرۆسەی زانیندا.

- کانت ئەم دوو چەمکەی لە گۆڕەپانی تیۆری زانین و میتافیزیکدا بەکارهێناوە. بەلای ئەو فەیلەسووفەوە زانینی مرۆڤ لە سێ هێز پێکهاتووە:

**یەک:** هەست: ئەمە ئەو تواناییەیە کە هاوردەی دەوروبەری هەستەکی و وێنەکان وەردەگرێ و پێی دەگەن. ئەم هاوردانە هی بوونەوەر و پێکهاتەکانن بەپێی وێنەی هەستەکان: کات کە

وێنــەی هەســتی ناخــی ناوەکییــە و جێگــە، کــە وێنــەی هەســتی دەرەکییــە هەردووکیشــیان ســەر بــە پێکهاتــەی توانایــی خودیــی پــەی پــێ بردنــن.

**دوو:** تێگەیشــتن: ئــەو هێزەیــە کــە چەمکــەکان بەســەر هــاوردەی هەســتەکاندا دەســەپێنێ و پەیان پــێ دەبــات.

**ســێ:** ژیــر: هێــزی بڕیــاردان و بەڵگەڕۆنــان و ئەنجامگیرییــە.

لێرەوە وشــەی ترانســندێنت دەردەکــەوێ: مــرۆڤ ناتوانــی «شــت لــە خۆیــدا» بزانێ، چونکە ســنووری توانایــی پــەی پــێ بردنــی مــرۆڤ دەبەزێنــی، لێرەوە چەمکــی ترانســندێنت بــەو واتایەیــە کــە ئــەوەی لــە زانیــن نایــەت و لــە توانســتدا نییــە پــەی پــێ ببردرێــت.

- چەمکــی ترانســندێنتال بــەلای (کانت)ــەوە وەک لــە شــاکاری ڕەخنەکردنــی ژیــری بێگــەرددا بــەکاری هێنــاوە: ئــەو مەرجــە گشــتییانەی شــارەزایی (خیبــرە) و ڕەگــەز و پێکهاتــە ژێرییەکان دەگرێتەوە کــە بــۆ ئــەوەی زانیــن و شــارەزایی بەڕاســتی زانیــن و شــارەزایی بــن، پێویســتن.

- کەوابــوو چەمکــی ترانســندێنت ئامــاژە بــەو کەرەســتە و بابــەت و ڕەگــەز و شــمەکانە دەدات کــە لــە توانســتدا نییــە بزانرێــن وەک «شــت لــە خۆیــدا» چییــە و چۆنــە و سروشــت و گەوهەرەکەی چییــە؟

چەمکی ترانسندێنتال ئاماژەیە بەو مەرجانەی پێویســتە لــە ئــارادا بــن بــۆ ئــەوەی زانیــن و شــارەزایی جێگــەی دڵنیایــی بــن، یــان ئــەو مەرجانــەن کــەوا لــە شــتێک دەکــەن خــۆی شتەکە بــێ و شــتی تــر نەبێــت.

**سەرچاوە و پەراوێز:**


١ – ســالم يفــوت: الفلســفة والعلــم فــي العصــر الكلاســيكي، بيــروت، ١٩٨٩.

٢ – د. فــؤاد زكريــا: التفكيــر العلمــي، ط٣، عالــم المعرفــة، الكويــت، ١٩٧٨.

3 – GottLob Frege: Funktion, Begriff, Bedeutung Gottingen 1966.

4 – Rudolf Carnap: Logische Syntax der Sprache. Wien 1934.

5 – Ludwig Wittgenstein: Traktatus Logico Philosophicus. 1960.

٦ – د. الــزواوي بغــورة: الفلســفة واللغــة بيــروت، ٢٠٠٥.

٧ – الدكتــور ياســين خليــل: منطــق المعرفــة العلميــة، ليبيــا، ١٩٧٠.

٨ – دكتــور محمــود فهمــي زيــدان: الاســتقراء والمنهــج العلمــي، ٢٠٠٧.

9 – Aristoteles: Poitik. Stuttgart 1987, (Reclam).

10 – David Hume: Eine Lentersuchung uber den menschlechen Verstand. Suhrkamp 2007.

11 – Max Planck: Vortrage und Erinnerung. WB. Darmstadt. 1970.

12 – W. Heisenberg: Uber den anschaulichen Inhalt der quantentheorttische Kenematik und Mechanik. In Zeitschrift fur Physik. Bd. 43. Berlin 1927.

13 – Moritz Schlick: Philosophie und Naturwissen Schaft. In: Erkenntnis. Bd. 4. Leipziq 1934.

14 – Prof. Dr. W. Capelle: Die griechische Pholosophie. Bd. 1. Berlin 1971.

15 – R. Descartes: Meditationen… F. Meiner Hamburg. 1954.

١٦ – جــون كيمنــي: الفيلســوف والعلــم، ت: د. أميــن شــريف، بيــروت، ١٩٦٥.

١٧ – يوســف كــرم: تأريــخ الفلســفة الحديثــة، دارالمعــارف، القاهــرة: ١٩٨٦، ط٥.